کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-6-2007 19:42

## گەڕانەوە ... نوسینی: بۆریس ڕژابنین .. وەرگێڕانی لەڤا رسیەوە: شەیدا بڵباس - بەشی دووەم

دووساڵی لەڕۆیشتنی ئەلێکسی بەسەرچوو٠ بەچوونەناو ساڵی سێیەمی لەپڕێکدا نامەی بڕان٠ ڤێرا بۆ بەدەستکەوتنی هەواڵێک لەبارودۆخی ئەلێکسی، لەدەرگای هەموو ماڵێکی دەدا؛ کەچی هەر هیچ هەواڵێکی بەدەست نەهێنا؛٠٠ دڵتەنگی و پەرێشانی لەبێچارەییدا خۆی دەخواردەوە٠ تاوای لێهات کەهەر ناسیاوێک لەچاوەپڕ چاوەڕوانیەکانی ڕامابوایە، لۆچ و پۆچی ڕوخساری بدیتبایە، لەوانەبوو یەکسەر دڵیان دابخورپایە٠

هیچ سۆز و دڵنەواییەک لەدڵپەرۆشی کەم نەدەکردەوە؛ ئەگەرچی هیچیشی لەدەست نەهاتبا، لەخاڵێکی نادیار ڕادەماو، ڕێگەدەدا بەنائومێدی و یادگاریەخۆشەکانی ڕۆژانی ڕابردووی کەشاڵاوی بۆ بهێنن٠

ڤێرا شەوانەدەستەکانی دەخستنەژێرسەریەوە، کاتێ بەهۆش دەهاتەوەخۆرهەڵاتبوو، جێری بەلموزیەوەتەکانی پێدەدا تاکو هەڵستێ و خۆی ئامادەبکا بۆ کار و بەڕێبکەوێت٠

- " ئاخ ئەلێکسی٠٠! ئەلێکسی ئێستا تۆ لەکوێت؟ لەکوێی ئەم جیهانەسەرگەردانەگیرت خواردوە!؟٠ هەموو شتێک لەم ماڵەدا یادی تۆ زیندوو دەکاتەوە، هەتا جێریش بەشێکەلەیادگاری تۆ"٠

ڤێرا یادی بیرەوەری ڕۆژانێکی دەکەوتەوەکەلەگەڵ ئەلێکسی ژیانێکی خۆش و بەختەوەریان هەبوو، پێکەوەدەچوونەناو دارستانی سنۆبەرەکان و، جێری ئەو کاتەیەکپارچەشادی هێنەر بوو بۆیان٠٠ هەڵبەز، هەڵبەز لەپێشیاندا لەسەر دووقاچی دەوەستا؛٠٠ لەلایەکیشەوەئەلێکسی چۆن ئەو لەباوەش دەگرت و لەجۆگەلەکان دەیپەڕاندەوە٠

ڤێرا وای لێهاتبوو کەلەبەر خۆیەوەبپەیڤێت٠ کاتێ دەروازەی ژانەدڵی دەکرایەوە، کەجاری واهەبوو کەچەند کاژمێرێک لەبەر خۆیەوەبدوێ و بەم شێوەیەغەم و ئەندیشەی تاڵی خۆی کەمدەکردەوە:

- " لێم دڵتەنگ نەبی جێری! بمبوورەکەزۆر خەریکی کارم و بەتەنگتەوەنیم، بەس چارم نییە، تێدەگەی؟ هەر کاتێ ئولوشیاکەم گەڕایەوە، ئیتر ناهێڵم بەتەنها بیت؛ هەمیشەلەتەکتەوەدەمێنم٠ بەڵێنت پێدەدەم کەئولوشیای ئازیزم دەگەڕێتەوە٠ ئەو زۆر لێرەوەدوورە، بەڵام هەر دێتەوە٠ بڕوام پێبکەدەگەڕێتەوە! وانییەجێری؟"٠

جێری هەروەک هەموو شتێک تێبگا، گوێچکەکانی قیت دەکرد و بەهەوەستیش نوزەیێکی بۆ دەکرد: گوێڕایەڵێکی چاکبوو٠ جاری واش بەنیشانەجولاندنی لموزی، وەک ڕاستی سەلمانیدنی پێڕاگەیێنێ وابوو٠ وایبۆدەچوو هەمیشەچاوەڕوانی تەواوکردنی قسەکانی بووبێت٠ هەروەها ئەویش بەمجۆرەدرێژەی بەقسەکانی دەدا و تەواوی دەکرد٠

لەڕۆژانی بێکارییدا، ڤێرا لەپشت مێزەکەوەدادەنیشت و جێریش لەتەنیشتیەوەلەڕووی خاکەکەلێیڕادەکشاو گوێی بۆ ڕادیۆ شل دەکرد٠ ڤێرا هەواڵەگرنگەکانی بۆ جێری دووبارەدەگووتەوە٠

- " ئەها، گوێت لێیەجێری! دەڵێ بابەشارێکی تازەیان گرتووە، ٠٠ کەواتەزۆر ڕاستەجێری؛ ئەو بەم زووانەدەگەڕێتەوە"٠

------------------------------------

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

16-6-2007 19:42 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەهەر چۆنێک بێت، ڕۆژانی ناخۆشی و سەرسامی و دانبەجەرگی خۆداگرتنی چاوەڕوانی لەبێهەوالێدا، کۆتایی پێهات٠
لەبەشی سەرپەرشتی نەخۆشخانەی شارەوە، نامەیێک گەیشت - لێینوسرابوو:- ئەلێکسی بریندارێکی کوشندەیەو دەبێ بەزووترین کات، ڤێرا سەرلەنەخۆشخانەکەبدات٠
ڤێرا چەند جارێک نامەکەی خوێندەوە، لەخۆشیاندا شوێنی بەخۆی نەدەگرت٠ {کەوابێ زوو یا درەنگ، هەر دێتەوە٠ کەواتەدەبێ هەموو شتێک پاک و ڕێک بخا؛ دەبێ هەموو شوێنێک لەو ماڵەتریسکەبداتەوە}٠ ڤێرا دەستی کردەشۆرین و سڕینەوە٠٠ ووشککردنەوەو هەڵتەکاندن٠٠ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی کورسی ومێز٠٠ لەبەر خۆیەوەبەپەلەپەل قسانی دەکرد٠٠ دەگریا و پێدەکەنی٠٠ لەدەست خۆی تووڕەو بێزار دەبوو٠٠ ماوەیێک هەروەستەیێکی دەکرد و ناهەقی پێدەدا، پاشان خۆی لەدەست شل دەکرد و گاڵتەی بەخۆی دەهاتەوە٠
هەر ساتێک بەهۆش دەهاتەوە، لەو هەڵسو کەوتەی کەکردبووی شەرمی لەخۆی دەکردەوە، خۆی خاو دەکرد کەبۆ دەبێ ئەو جۆرەڕەفتارانەی لێ روو بدات٠ بەڵام ئەوەی لەبیردەچوو کەبڕیاری لەسەر دابوو٠ هەمدیسان بەم لاو و ئەو لای ژوورەکەڕایدەکرد٠ بەمێز و کورسیەکانی ناو ژوورەکەدەکەوت و ئەوانی قیتدەکردەوە؛ بیر و هۆشی لاخۆی نەمابوو٠٠ جارێ دەستی دەخستەسەر دڵی و ترپەکانی دەژمارد، جارێ دەترسا! لەهەمان ساتی وەژوورکەوتنی ئەلێکسی گەشکەلێی بدا، یا لەخۆشیاندا بمرێت٠
لەپڕ دەیویست ڕابکا تا ناوەڕاستی ژوورەکەو پڕ بەدەنگ هاوار بکات: " ئەلێکسی گەڕایەوە"؛ بەڵام هەرزوو پەشیمان دەبۆوە٠
حەزی نەدەکرد جارێ چاوی بەکەس بکەوێ، دەبوایەساتەکانی کۆتایی چاوەڕوانی، کەتێپەڕبوونی ئاسان نەبوو، لەتەنیاییدا بەسەر بەرێت٠ هەروەکو چۆن ساڵانی ڕابردووی بەسەر بردبوو٠ بەڵام لەناکاو خۆی کردەدەرەوە٠٠ ئەو خواردنەی کەهەبیوو بەسەر مناڵانی بەشیەوە، مناڵان لەم هەڵوێستەی سەرسام ببوون؛ هەندێک لەمناڵەکان ترساوی نەکا تێکچووبێ و کاردانەوەیێک دروست بێت٠٠ لەگەڵ ئەوەشدا پشکەگۆشتێکی دا بەجێری، کەبەشی خواردنی چەند ڕۆژێکی بوو٠ جێری گۆشتەکەی بەددان گرت، بەڵام هەروەک ڕووداوێکی گرنگ ڕوویدابێت، گۆشتەکەی فڕێداو، وەک سووکەباڵندەیێک لەپشت سەری ڤێرا کەوتەباڵەفرکێ٠ جێری چەند ساتێک لەڤێرا ڕاما، ئەوی پەرگەندەی دیواری کردبوو٠ هەڵی دەکوتا سەری٠ ڤێرا جارێ تاوی دەداو، جارێ نەوازشی دەکرد٠
جێری بەدوای سێبەری ڤێرا دا ڕایدەکرد و ساتێک چاوی لێهەنەدەگرت، ئەوەندەکەوتبووەداوی خۆی، کەبێگومان هەستی بەئازارێکی زۆر دەکرد٠
ئەو سوێری و تاڵیەناخۆشانەی بەدەست چەشتبووی، هەر زوو بەخێرایی لەنووکی قاچەکانیەوەیدا ئەچۆڕاند٠ ڤێرا کەوتەسەر چارپایەکەو ڕووچووەناو بیرکردنەوەیێکی قووڵ٠ جێریش چەند جارێ ئەملاو ئەولای کرد و سەرەنجام ئەویش هێور بۆوە٠
ڤێرا تەواوی شەو نەیتوانی پلێوی چاوەکانی لەسەر یەکتری بنێ، وەبیری لەسەر شتێک ڕاگیر بکات٠ یادی ڕۆژانی ڕابردوو هێرشی دەهێنایەسەر مێشکی و بیرەوەریەکان لەبیرکردنەوەیدا جێگۆڕکێیان بەیەکتر دەکرد - لەنێوان ئەو هەموو بیر و وێنەی کەبەبەرچاوییدا بەئاڵۆزکاوی تێدەپەڕین - تەنها

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

16-6-2007 19:42 یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

شتێکی بیرکەوتەوە: [ تۆ بڵێی ڕۆژانی شەڕ چی بەسەر ئەلیکسی هێنابێت؟ ڤێرا هەوڵی دروستکردنی شێوەی ئەلێکسی، لەو ساتەی چاویان دووبارەپێکدەکەوێتەوەلەگەڵیدا دەکرێت چۆن بێت، دەدا

--------------------------------------------------

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.